# ڕاگەیاندنی یەکیتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان لەعێراقدا

ئامادەکاریەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەعێراقدا لەڕۆژی 30 کانوونی دووەمی داهاتوودا لەلایەن ئەمریکاو حکومەتی کاتی عێراق‌و حزب‌و لایەنە سیاسیەکانی ترەوە هەروا درێژەی هەیە.

"یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق" لەکاتێکدا کەپشتگیری دەکات لەمافی خەڵکی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو شەرعی‌و پاکو بەرابەر بەچاودێری چالاکانەی لایەنێکی نێودەوڵەتی‌و لەو باوەڕەدایە کەپێشێلکردنی ئەم مافە زەوتکردنی ئیرادەو مافی خەڵکی عێراقە ئەو خەڵکەی کەتینووی ئازادی‌و ڕزگاربوونە لەسەرکوت‌و دیکتاتۆریەت‌و هێزە کۆنەپەرست‌و ئیمپریالیستیەکان، هاوکات لەگەڵ ئەم پشتگیریە بەپێویستی دەزانێت کەسەبارەت بەهەڵبژاردنی ئێستا ئەم خاڵانەی خوارەوە تۆماربکات:

1/ بەدرێژایی دەیانساڵی رابردوو حکومەتە بۆرژوازی‌و سەربازیە یەك لەدوایەکەکان هەوڵیانداوە کەئیرادەی خەڵکی عێراق زەوتبکەن‌و نەیانهێشتووە دەوڵەتی عێراق پشت بەدەنگو ئیرادەو بڕیارو هەڵبژاردنی ئەوان ببەستێ، بۆیە عێراقی هاوچەرخ هەڵبژاردنێکی بەخۆوە نەبینیوە کەتیایدا خەڵکی عێراق ئازادانە ئیرادەی خۆیان بیهێننە مەیدان‌و چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا هەریەك بەرنامەو پلاتفۆرمی هەڵبژاردنی خۆیان بخەنەڕوو. لەبەرئەوە دامەزراندنی دەوڵەتێك کەپشتی بەدەنگو ئیرادەی خەڵك بەستبێت وە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی‌و ئازادو بەرابەر یەکێك بووە لەخواستە دیموکراتیکەکانی خەڵکی عێراق‌و ئامانجێك بووە لەئامانجەکانی، بەجۆرێك کەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی نەئیمپریالیزمی ئەمریکاو نەهێزە بۆرژوازیە جۆراوجۆرەکان ناتوانن فەرامۆشی‌بکەن‌و خۆیانی لێببوێرن. بەڵام دیارە هەمیشە ئەو هێزانە هەوڵیانداوە کەناوەڕۆکی دیموکراتیك‌و ئازادانەی پرۆسەی هەڵبژاردن داتەکێنن‌و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئیمپریالیستی‌و کۆنەپەرستەکان‌و بەدیهێنانی پلان‌و نەخشەکانیان لەعێراقدا کەڵکی لێوەربگرن.

هەروەها ئەو هێزە تیرۆریست‌و توندڕەوانەی کەلەگەڵ پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسی تاوانباردا هاوپەیمانێتیان بەستووە، ئەو هێزانەی کەدەیانەوێ لەئاوی لێڵدا راوبکەن‌و لەپێناوی بەرژەوندیەکانی خۆیاندا تەڕو وشك پێکەوە بسووتێنن‌و بەم جۆرە بوونی کۆنەپەرستانەی خۆیان بسەپێنن، ئەم هێزانە هەمیشە لەدژی دەنگو ئیرادەی خەڵك ڕەفتاریان کردووەو نەیانشاردۆتەوە کەنیگەرانن لەوەی کەلانی کەمی ریفۆرمە دیموکراسیەکان لەعێراقدا بچەسپێ، ئەو ریفۆرمانەی کەئەگەر جێبەجێبکرێن بەرە لەژێر پێی ئەوان دەردەکێشێ‌و دەمامکە قێزەوونەکانیان لادەبات‌و ڕووی دزێوی راستەقینەیان نیشاندەدات.

بەو پێیە خواست‌و داخوازی خەڵکی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی ئازادانەو فەراهەمکردنی پێویستی‌و مەرجەکانی، هەڵبژاردنێك کەتیایدا خەڵکی عێراق هیواو چاوەڕوانیەکانی خۆی بۆ دامەزراندنی عێراقێکی ئازادو دیموکرات دەربڕێت لەنێوان چەکوشی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکاو سندانی هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامی‌یەکان‌و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسی تاوانباردا ووردوخاش بووە.

بۆیە ئەو هەڵبژاردنەی کەبڕیارە لەعێراقدا بەڕێوەبچێت بەدیهێنانی ئەو خواستە سەرەکیەی خەڵکی عێراق بەگشتی‌و چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش بەتایبەتی نیەو بگرە هەوڵێکی ئەمریکاو هێزە بۆرژازیەکانی عێراقە بۆ لەباربردن‌و خاڵیکردنەوەی لەناوەڕۆکی دیموکراسیانەی خۆی‌و هێشتنەوەی تائاستی یەك هەڵبژاردنی شکلی کەتیایدا خەڵك تەنها دەنگ بەئەو حزب‌و کەسایەتی‌و بەرنامەو نەخشانە بدات کەپێشتر لەسەرەوە بۆی داڕێژراون.

هەڵبەت لەهەناوی ئەم پرۆسەیەشدا ئەوە تەنها بۆرژوازی عێراق‌و حزب‌و کەسایەتیە سیاسی‌و ڕۆشنبیریەکانێتی کەفرسەتی ئەوەیان هەیە بەدیل‌و بەرنامەی خۆیان بۆ ڕێکخستنەوەی پەیکەری دەوڵەتی عێراق‌و سەرجەم دامەزراوەو یاساکانی رابگەیەنن، هەرچی چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشە تاکو ئێستا هیچ فرسەتێکیان لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا بۆ نەرەخساوە کەخواست‌و داخوازیەکانی خۆیان بەیانبکەن‌و ئەو چاکسازیانە بخەنەڕوو کەدەیانەوێ ئەنجامبدرێت. ئەمریکاو حکومەتی کاتی عێراق بەڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵدەدەن خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش‌و چینەنەدارەکان لەپرۆسەی خۆئامادەکردن‌و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان دووربخەنەوەو بێئاگایان بکەن‌و زانیاریەکانیان لێبشارنەوەو بەپێی میکانیزمێك ڕێکی بخەن کەخەڵك لەبەڕێوەچوون‌و ئەنجامدانیدا هیچ دەورو ڕۆڵێکی نەبێ.

2/ داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە هەروا درێژەی هەیە. مەبەستی سەرەکی لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئێستا، لەکاتێکدا کەعێراق بووە بەمەیدانی تەراتێنی هێزە سەبارزیەکانی ئەمریکا، هیچ نیە جگە لەهەوڵێکی چروپڕ بۆ هێشتنەوەو مانەوەی ئەو داگیرکاریەو شەرعیەتپێدانی لەڕێگەی صندوقەکانی دەنگدانەوە. ئەم هەڵبژاردنە پرۆسەیەکە لەجەرگەی وولاتێکی داگیرکراودا، بەچاودێریەکی ڕووکەشانەی نێودەوڵەتی، بەڕێوەدەچێ. ئامانج لێی دەربازکردنی ئەمریکایە لەو تەنگژەو قەیرانەی لەعێراقدا دووچاریبووە. ئەو هێزانەیشی بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە دێنەسەرکار لەئێستاوە دەبێ بزانن کەنابێت ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنن کەئەمریکا دیاریکردووە واتە بەرگری لەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقداو کۆسپ دانەنان لەڕێگای باڵادەستی سەربازی ئەمریکا لەعێراق‌و ناوچەکەدا.

3/ لەبەرئەوەی هێشتا شەڕ لەعێراقدا تەواونەبووەو درێژەی هەیە بۆیە هێشتا بارودۆخێکی ئەمنی لەبار بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا فەراهەمنەبووە. تیرۆریزم‌و تێکچوونی شیرازەی ئەمنی لەپەرەسەندنی زیاتردایەو خودی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن پێویستی بەئامادەباشی‌و بانگهێشتی سوپایەکی گەورە هەیە. هێشتا لەوولاتدا میللیشیا ئیسلامیەکان باڵادەستن‌و لەپێناوی بەرژەوندیەکانی خۆیاندا لەپرۆسەی هەڵبژاردنی ئێستادا دۆودۆشاو

تێکەڵ دەکەن‌و هیچ کام لەدامەزراوەکانی دەوڵەت‌و حکومەت‌و هێزەکانی پۆلیس ناتوانن لانی کەمی پارێزگاری کردن لەزۆربەی ناوچەکانی عێراقدا بۆ پالێوراوە سەربەخۆکان یان بۆ پالێوراوە چەپ‌و عیلمانیەکان کەنەیاری لایەنە دینیەکان بن، دابین بکەن.

بارودۆخی هەڵبژاردن، تیرۆریزمی هێزەکۆنەپەرستەکان‌و هێزەئیسلامیەکان‌و مشتی ئاسنینی هێزەکانی ئەمریکا بەسەریدا زاڵە، لەبارودۆخێکی لەم چەشنەدا پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادانە بەڕێوەناچێ‌و هاووڵاتیانی عێراق ناتوانن ئازادانە دەنگبدەن‌و ئیرادەی خۆیان بخەنەگەڕ. تاکو ئێستاش نابینرێ کەحکومەتی عێراق رێوشوێنی تایبەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە بگرێتەبەرو پارێزگاری‌کردنی پێویست فەراهەم بکات، بەپێچەوانەوە دەبینرێ کەحکومەتی کاتی عێراق‌و هێزەکانی ئەمریکا شەووڕۆژ سەرقاڵی ئەوەن کەچۆن ئەو هێزو لایەنانەی سەربەخۆیانن بپارێزن‌و لەولایشەوە بەتەواوی جڵەویان بۆ چالاکی‌و جموجوڵی هێزە کۆنەپەرستەکان‌و کارە تیرۆریستیەکانیان شلکردووە.

4/ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئێستا فرسەتی خولقاندووە بۆ بەرزبوونەوەی هەرچی زیاتری دەنگی تایفەگەری‌و نەتەوەپەرستی‌و مەزهەبی‌و رێگایەکی تری کردۆتەوە بۆ دامەزراندنی عێراقێکی قەومی‌و تائیفی‌و مەزهەبی‌و بگرە بووە بەنەردەوانێك بۆ شەرعیەتدان پێی لەرێگەی صندوقەکانی دەنگدانەوە. سووربوونی ئەمریکاو حکومەتی کاتی عێراق لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەم بارودۆخی شەڕو ئاژاوەیەدا بەهەر شێوەیەك بێ، خۆبواردن لەفەراهەمکردنی مەرج‌و پێویستیەکانی وەسووربوونیان لەسەر هەڵبژاردن تەنانەت ئەگەر هەندێك ناوچەی عێراق بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەمنیەوە تیایدا بەشداری نەکەن، وە...تاد ئەمانە هەمووی هەنگاوێکی‌ترن بۆ سەپاندنی ناسنامەی مەزهەبی‌و تائیفی‌و قەومی‌و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان‌و هەنگاوهەڵگرتنە رەوەو دامەزراندنی عێراق لەسەر ئەو بنەما قەومی‌و مەزهەبی‌و تائیفیانە. بەمجۆرە پاڵ بەخەڵکەوە دەنێن، لەبری دەنگدان بەو بەرنامە ئینتخابیانەی کەخواست‌و بەرژەوەندیەکانیان لەخۆدەگرێ، دەنگبدەن بەو حزب‌و لایەنانەی خۆیان کردووە بەنوێنەری نەتەوەو مەزهەب‌و تایفە جۆراوجۆرەکان.

مەترسیەکانی ئەم هەنگاوە لەوەدایە کەئەو هێزانەی بڕیارە سبەی رۆژ لەهەڵبژارندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن دەستوری هەمیشەیی عێراق دادەڕێژن‌و تەنانەت دەتوانن خۆیان لەوە ببوێرن کەپابەندبن بەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقەوە کەکاتی خۆی ئەنجوومەنی کاتی عێراق مۆری‌کردبوو..

لەم بارودۆخەدایە کەئاگری تیرۆریزم زیاتر کڵپەدەسێنێ‌و کاردانەوەی ئیرهابی هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی کاتی عێراقیش توندتردەبێتەوە، ئێستا ئیتر پەنابردنە بەر توندوتیژی‌و وێرانکاری بووە بەواقعیەتی سەرەکی کۆمەڵگای عێراق لەسەروبەندی هەڵبژاردنی داهاتوودا.

5/ لایەنێکی نیودەوڵەتی بەشێوەیەکی کاراو چالاك سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناکات. سەرپەرشتی‌کردنی ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە زۆر فۆرماڵی‌و رووکەشە، هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی کاتی عێراق بەجددی بەشوێن ئەوەوە نین کەبارودۆخێکی ئەمنی لەبار بۆ بەشداری‌و سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان فەراهەم ببێت. هەروەها باسکردن لەسەربەخۆیی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هیچ نیە جگە لەخۆڵکردنە چاوی خەڵك چونکە ئەو کۆمیسیۆنە بەتەدەخولی راستەوخۆی ئەمریکا دامەزراوەو هەموو مەرج‌و کارەکانی بۆ دیاریکراوە. لەبەرئەوە خەڵکی عێراق لەم هەڵبژاردنەدا ناتوانێ متمانە بەدەنگەکانی خۆی بکات‌و ساختەو تەزویرکردن لەئەنجامەکانی هەڵبژاردندا مەسەلەیەکە راستەوخۆ پەیوەندی بەو ئامانجانەوە هەیە کەئەمریکاو حکومەتی کاتی دەیانەوێ لەم هەڵبژاردنە چنگیان بکەوێ‌و هیچ دوورنیە بەپێی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هێزە هاوکارەکانی ئەنجامەکانی دەسکاری بکرێن‌و بگۆڕدرێن.

6/ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان قەیدوبەندی زۆری داناوە بۆ بەشداری حزب‌و لایەن‌و کەسایەتیە سیاسیەکان، ئەم قەیدوبەندانە هەم سیاسین‌و هەم مالی. لەبواری قەیدوبەندە سیاسیەکاندا کۆمەڵێك مەرجی کێشدار دانراوە کەبەپێی ئەوە کۆمیسیۆنەکە بەشداری قەوارە سیاسیەکان لەهەڵبژاردندا پەسەنددەکات، بەپێی ئەو مەرجانە ئەبێت ئەو لایەنەی لەهەڵبژاردندا بەشداری دەکات دژایەتی ئیرهاب‌و توندوتیژی بکات‌و ریز لەیاسا بگرێ بەبێ ئەوەی کە کۆمیسۆنەکە روونی‌بکاتەوە مەبەست لەچەمکی ئیرهاب‌و توندوتیژی‌و یاسا چیە، هەروەها کۆمیسیۆنەکە بەشداری حزبەکان‌و خۆپاڵاوتنی کەسایەتیەکانی بەدانی پارەیەکی زۆرەوە گرێداوەتەوەو لەم بوارەدا بارگرانی کردوون، گرێدانەوەی مافی خۆکاندیدکردن بەپارەو مڵکایەتیەوە هەنگاوێکە لەدژی هەژاران‌و نەداران‌و هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیبی فرسەتی بەرابەرە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، دیارە کرێکاران‌و زەحمەتکێشان‌و نەداران ناتوانن ئەو بڕە پارە زۆرەی دیاریکراوە دابینبکەن، هەروەها کاندیدەکانی ئەوان ناتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن لەپرۆسەی هەلبژارنداو چالاکانە بەشداریبکەن ئەگەر دەستیان بەتاڵ بێت، ئەمە لەکاتێکدا کەخودی حکومەتی کاتی عێراق لەپێشکەشکردنی هەرچەشنە یارمەتی‌و کۆمەکێك بەپالێوراوان بۆ ئەنجامدانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن خۆدەبوێرێ..

ئەم قەیدو بەندانە لەکاتێکدا دادەنرێ لەدژی کەسایەتیە کرێکاری‌و چەپ‌و زەحمەتکێشەکان دەبینین لەولاترەوە هێزەکانی هاوکاری ئەمریکا هەموو سەرچاوەکانی هێزو پارەو دەسەڵاتیان قۆرخکردووەو تەنانەت هەموو تواناکانی دەوڵەت‌و حکومەت‌و پارەوپوولەکانی، کەلەبناغەدا سامان‌و سەروەتی خودی خەڵکی عێراقە، بۆ خزمەتی پرۆسەی هەڵبژاردنی خۆیان‌و بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆیان‌و بەرنامەو پڕپاگەندەکانیان بەکاردەهێنن..

لەبەرئەم خاڵانەی کەلەسەرەوە باسمان کرد یەکێتی کۆمۆنیستەکان خوازیاری ئەوەیە هەڵبژاردنەکانی ئێستای عێراق دوابخرێت تاکو پێویستی‌و مەرجە سیاسی‌و ئەمنیەکانی فەراهەم دەبێت، تا خەڵکی عێراق ئازادانە بتوانن دەنگی خۆیان بدەن‌و لەو پرۆسەیەدا بەشداری بکەن، هەروەها یەکێتی کۆمۆنیستەکان

داواش دەكات كەهەموو ئەو قەیدوبەندانە لاببرێن كەرێگادەگرن لەبەشداریو خۆپاڵاوتنی كرێكارانو نەداران لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ، لابردنی ئەو قەیدو بەندانە پێشمەرجی بەشداریكردنی خەڵكی كرێكارو زەحمەتكێشی عێراقو ئەو حزبو لایەنە سیاسیانەیە، لەوانەش یەكێتی كۆمۆنیستەكان لەعێراقدا، كەبەرگری لەبەرژوەندیەكانی ئەوان دەكەن.

**یەكێتی كۆمۆنیستەكان لەعێراق**
**كۆمیتەی ناوەندی**
**كۆتایی تشرینی دووەمی** 2004